www.kurdistannet.org

# مەراکارو بەکرۆکەکان

ئەحمەد دەشتی

هەناسەی من لە داخ ناکەس
پڕ لەهەوای ژەهراویە
چاوانی من لەدەست تەرەس
دیدەبانی زام وئاسۆی تەماویە
لەناوخانەی خەیالم دا
کارەسات و ژانەکانم وەدی دەکەم
دیرۆکی کورد دەخوێنمەوە
برینانی پرلە ژانم چاو لێ دەکەم
نیگام هەرچەند هەتەردەکا
دەریای ڕەشی بێسنوورم لێوەدیارە
چی دەبیستم وگویم لێ دەبێ
پەیڤی مەرگ وخنکێنەرە لەو بوارە
بۆیە ئاوا لەشیعرم دا
ئازارەکان دەهونـمەوە
لەهەواری خۆشەویستم
گولخەنی ژین دەبینمەوە
لە فیردەوسی باوانی خۆم
ئەهریمەنی شەڕ دەبینم
لیم ناگەڕین پشوێ بدەم
رۆژی نیە سەدان خەنجەر
لە برینانی تازەو کۆنی
لە میژینەو سالهام نەدەن
لیم ناگەڕێن ئاسودەبم
لە ناو زێدو هەواری خۆم
مەرگەساتان نیشان دەدەن
لەو پەنجەرەی دەیپەرستم
هەرچەند کەوا
ڕەهایی بوون وەدی دەکەم
بەلام ناکەس هێندە زۆرن
دینە دەرێ و یەکتر دەگرن
وا بە تەوری رۆناک بڕی
بە هەست و سرودی بەدچڕی
گشت کولانەو
پەنجەرەکانیش دادەخەن
بەپێی هەست وبیری تەسک
نەزانەکان ژوور دەکەون و
دیوەجمەی نەهامەتیم
نیشان دەدەن
کۆمەلێکی بێ باوەرو
خراپ و چەپەڵ
گیرفان بڕو دزو دەغەڵ

وا لە دەورەی مەنجەڵ دەژین
بۆیان دەلوێ و ناڕاست دەڵێن
گورگن ئەوان پیس و گەمژەڵ
لە ناخم داکەڵبی تیژیان نوقم دەکەن
ترۆر دەکەن هەست و بیرم
دەمبەنەوە مەنفای دوورم
دەچم بۆلای گشت ئەوانەش
کە بە رواڵەت فریشتەنە
دەڵێم بەڵکو
لەوێ ساتێ بحەسێمەوە
پەیڤەکانی خۆشەویستیم هەلڕێژم و
رۆئیاکانم ببینمەوە
دیسان لەوێش ڕێم لێ دەگرن
لێم ناگەڕێن بگەم بەوێ
تا نەتوانم پەیڤی ڕاستی
بگێرمەوە و باسی بکەم
بۆ ئاوازی پڕ لە گریان
لە هەرچوار لا بەکرۆکەکان
دەوریان داوە
هەرچی حەزو نگاکانە
وێل دەکەن و چی ڕاستیە
دەیشارنەوە
لێ ناگەڕین بەوێ بگەین
ڕاستیەکان دەرببڕێن و نیشان بدەین
ئەوان هەروە ک کە بەدکارن
زووش بۆن دەکەن لەم لاو ئەولا
لەپێش ئەوەی کە بگەی بەوێ
چالێکی قوڵ زوو چێ دەکەن
ڕاستی گوتن سەرپۆش دەکەن
ئای رۆژگارو گەردوونی دوون
چەند پڕ پەست و پڕ ناکەسە
بۆئێمەی کوردچەنددڵ ڕەش و
چاوی پیس و پڕ تەرەسە
گەلێ پوچ و مەرا کاران
لە بارەگای مەحرەم دانەو
بە دڵی خۆیان دێن و دەچن
چی کە پەستی و نارەوایە
بۆ پەنهانی ئاوازی ڕاست
دەی درکێنن و دای دەرێژن
هەروەک قەلن ڕەش دەقرێنن
نەهامەتی تۆمار دەکەن

داخم کەوا بۆشـــیان دەلـــوێ
چی کە بیلێن باوەڕ دەکـرێ
ئەوان دەگەن بە وێندەر و
دلسۆزەکان ناگەن بەوێ
ئارەزوی ڕاست دەخنکێنن
کێ چاک بلێ دەیرەتێنن
گەلێ پاک و خاک پەروەران
لە حەلوەلای پەست و نامەرد
لە تاو هەست و بیری چەوت
ون دەبن و برینانیان پێوەردەکەن
هەرچەند دەکەن دەنگیان نارِوا و
بۆیان نالوێ و دەتلێنەوە
کۆنەسیخوروخائینان و پیاوخەراپان
دانی تیژیان توند دەکرۆژن و
وەکو خۆیان دەبیننەوە
لە ئاست گوتنی ڕاستیەکان
پاکی و ڕاستی دڵسۆزەکان
گشت ون دەکـەن بەکرۆکەکان
دەستی ڕەشیان دێننە دەرێ
خۆشەویستی و
حەزو بیری چاک دەنێژن
زۆر بە پەستی و نارەوایی
رۆئیای شیرین دەتوێننەوە
لێ ناگەڕێن ڕاستیەکان سەربکەون
دلسۆزەکان سەربەرزانە
هەنگاو باوێن ،سەربەست بژین
لێ ناگەڕێن ڕاستیەکان سەر بکەون و
ئازارەکان ببڕێنەوە
تف لە وانەی کەوا پەستن
تف لە وانەی بەکرۆکەنە
تف لەوانەی کە سیخوڕو
دژی ڕاستی دەرخۆنەنە
بمرێ ئەوەی
ئاسوودەیی بۆ کورد ناوێ و
هەست بۆگەنە
بمرێ ئەوەی مەراکارو هەر دوژمنە
هەر روو ڕەش بێ هەرکێ کەوا
دژبەگەل و ڕێی هەوارە
بژی هەرکێ
کە دلپاک ودۆست ویارە

پاییزی 1997هەولێر